## ناوی تایبەت و نا ئاسایی

ناوچەی بۆکان و کوردستان بە گشتی، شوێنێکی لە مێژینەن و دەیان شارسانیەتی جیاواز بە درێژایی مێژوو لەو شوێنەدا سەریان هەڵداوە، کە دوای ماوەیەک فەوتاون و نەماون. ئاسەواری ئەو شارسانیەتانە لە شێوەی فیزیکیدا ئەو کەرەسەی ئیش و کاری ژیانەیە وا لێرە و لەوێ لە ژێر خاک دەدۆزرێنەوە و ئەگەر قاچاخچی بێ ویژدان لێ بگەڕێن، دەبرێنەوە سەر خاوەنەکانیان و پەیوەندی مێژووییان روون دەبێتەوە.

بەڵام مێژوونووس جگە لەو کەرەسە و ئامێرانە، لە رێگایەکی دیکەشەوە پەیوەندییە مێژووییەکان هەڵدەسەنگێنێت : ناوی شوێن و کەسەکان!

گەلێک ناوی گوند و شار و دۆڵ و چیا و رووبار و مووچە و مەزرا و دار و دەوەن و گوڵ و گیا هەن کە ئەگەر رەواڵەتی ئێستایان لەسەر داماڵرێت و بنەچەکیان ئاشکرا بکرێت دەبینن نوێنەرایەتی مێژوویەکی کۆن و لە مێژین دەکەن. ناوی گوندی "بۆگەبەسی" کە لە فارسیدا وەک "بیگ اوبسی" دەنووسرێت، هیچ پەیوەندییەکی بە "بیگ" واتە "بەگ" بە واتەی ئاغا و خانەوە نییە و ئاڵ و گۆڕ کراوی "بەغ" خودای خەڵکی ناوچەکە بووە پێش هاتنی زەردەشت و بەم شێوەیە سەدان و هەزاران ناویتر.

لە بۆکان و دەوروبەری هەندێک ناوی کەسایەتی هەن و بوون، کە دوور نییە ئاڵ و گۆڕ کراوی ناوی کۆن و مێژوویی بووبێتن. بەشێکیان نازناو و لەقەبن، بۆ نموونە، سەیدە شینە، حاجی سوورە، حاجی سەوزە(لە باغڵووجە)، حەمە بۆر(لە قوم قەڵای مەهاباد)، کاڕەش. ئەو سیفەتی رەنگە لە ناو ئینگلیزییەکاندا زۆرە و وێدەچێت بنەمای هیند و ئورووپی کۆنی هەبێت. ئەوانیش مستەر یا میسیز "براون" و "بلاک" و "گرین" و "گرەی" و "وایت" یان زۆرە.

ناوێکی دیکە لە بۆکان "شەوەکی" یە (ماڵی حەمە شەوەکی)، دیارە واتای ئێستای وشەکە، "سبەینێ / بەیانی" یە، بەڵام بۆ ئەوە دەبێت زیاتری لێ بکۆڵرێتەوە و هەوڵ بدرێت ببرێتە سەر بنەچەکێکی کۆنتر – کە واهەیە "شەوەک" و "شەبەک" بێت، کە ئاماژەیەکە بە "شەبەکەکان"ی باشوری کوردستان، بەتایبەت کە زاراوی بنەماڵەکە لە کاتی هاتنیان بۆ بۆکان چەشنە نیشانەیەکی ئەو شێوە زاراوەیەی پێوە دەبینرا. بە هەمان شێوە، مل وشتر و قالە سێ سەر و حەسەن مەلوو و حەمە نەغە و عەبە کەڵیچە و عەبە دەڕژێ و زۆرێکی تر.

کۆ کردنەوەی ئەو ناوانە کارێکی پێویستە و لەو پێویست تر لێکۆڵینەوە و بردنەوەیانە بۆسەر بنەمای کۆنی ئاشوری و ئاریایی و تەنانەت مغولی و تورکی. کەسانێک کە بە کۆ کردنەوەی

ئەو ناوانەوە خەریک دەبن، نابێ لە هەندێ وشە و نازناوی سەمەرە بترسن، کە وا هەیە ئەمڕۆ واتایەکی ناحەزیان هەبێت : سەگە نێر، لا بەقنگ، پارە پیس، سینگ شێر، کۆڵ، شێت، و... ....
ئەو ناوە بەڕەواڵەت سەیر و سەمەرە و ناحەزانەی ئێستا، دوور نییە لە مێژووی کۆنی ناوچەکە دا، ناو یا خود نازناوێکی پڕ واتا و ڕازاوە بووبێتن.

با هەوڵ بدەین پەردە لەسەر ئەو ڕەمز و ڕازە ئوستوورەیی و مێژووییانە لا بدەین!